# ٥ ـ پیسکە

لە بەینی سێ منداڵ ئەکرێ ، یەکێك ئەبی بە پیسکە . دووەکەی تریش کڵاوەکەی پیسکە ئەبەنو لە یەك دوور ئەبنەوە پیسکە لە ناوەڕاستی هەردووکیانا ئەوەستیو هەوڵ ئەدا کڵاوەکەی بکەویتەوە دەستی خۆی . هەیرش بۆ هەر یەکێکیان ئەبات کە کڵاوەکەی لایە منداڵەکە زانەکاتو کڵاوەکەی ناداتەوە کە زۆریش لێی نزیك بوەوە ئەمەیان کڵاوەکە هەڵ ئەدات بۆ منداڵەکەیترو ئەلیت : ئەوەی بیدلت دایکی بدات !. ئەوەی تریش بە پەلە کڵاوەکە ئەگریتەوەو کە پیسکە لەویش نزیك ئەبیتەوە وەکوو منداڵەکەی پیشووی لێ ئەکات . بەم جۆرە هەتا جاریك پیسکە لە لای یەکێك لە منداڵەکانا کڵاوەکەی چنگ ئەکەویتەوە .

ئەم منداڵەي کە پیسکە کڵاوەکەی لێي ساندوەتەوە ئەبیت بە پیسکە ، پیسکەی پیشووش جیگەی ئەگریتەوەو گاڵتە بە پیسکەی تازە ئەکەنو ئازاری ئەدەن لەم سەر بۆ ئەو سەر تا ئەویش لای یەکێکیان کڵاوەکەی چنگ ئەکەویتەوەو تێ کەوتووەکە جیگای ئەگریتەوە .